# تاریخچەیکی کۆرت لە ٢٥ی نوامبر

ریکخراوی نەتەوەیەک گرتوەکان سالی ١٩٩٩ لە کۆبونەوەی گشتی خۆیدا رۆژی ٢٥ی نوامبری بۆ رۆژی بەرەنگاری لەگەل تۆندوتیژی دژبەژنان دیاری کرد. ئەو پیشنیارە لە لایەن کۆماری دۆمینیکەن و بە پشتیوانی زیاتر لە ٦٠ وڵاتەوە هاتبوە ئاراوە. سەرچاوەی ئەم بڕیارە جوڵانەوە وشۆڕشی گەورە و رووڵە گەشەی کۆتائی هێنان بەم تۆندوو تیژییە دژ بە ژنان بوو. توندو تیژیەک کە لە حاستی ژنان دەکریت و مەترسی دەخاتە سەر ژیانی ژنان و کچان، لە کۆمەڵگادا کاریگەری رۆخێنەری هەیە و رێگای پێشکەوتنی هەر کۆمەلگاییک بەربەست دەکات. هەموو ئەوانەی کە پشتیوانی لەم بڕیارە دەکەن داوا لە دەولەتەکان و خەلکی وڵاتەکان دەکەن کە یاسا و ریگای جوراوجور بۆ نەهیشتنی تۆندوتیژی بەرابەر بە ژنان بگرنە بەر.



هەلسوراوانی ژنان لە ئەمەریکای لاتین و کاریبیا لە سالی ١٩٨١ وە رۆژی ٢٥ی نوامبریان بۆ خەبات دژی تۆندوتیژی داناوە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم رۆژەش ئەوەیە کە لەو رۆژەدا ٣ خۆشکەکەی میرابال کە دژ بە رژیمە دیکتاتوریەکەی تروجیلو لە ولاتی دۆمینیکەن خەباتیان دەکرد، بە شێوەیکی زۆر دڕندانە کۆژران.

لە سالی ١٩٩١ دا، خەباتی ١٦ رۆژە لە خەباتی دژ بە توندوتیژی دژبە ژنان دا هاتە ئاراوە. ئەم خەباتە لە رۆژی ٢٥ ی نوڤەمبرەوە دەست پێدەکات و بە بەردەوامی تا رۆژی ١٠ی دسەمبر کە رۆژی جیهانی مافی مرۆڤە دژێژەی دەبێت. بەم شێوەیە لە رێگای پێوەندیدانی توندوتیژی دژ بە ژنان و مافی مرۆڤەوە تێدەکۆشرێت قورسایی بخرێتە سەر ئەوەی کە هەرچەشنە بەکارهێنانی توندوتیژی. جا چ لە لایەن دەسەڵاتەوە بێت یان لە لەلایەن تاکەوە، خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ.

فریشتە گۆلپەروەر

رێکخراوی مافی ژنی کۆرد، مافی مرۆڤ